هیچ چاکەیەک بە کەم مەزانە؛ تەنانەت گەیشتنیشت بە براکەت بەڕوویەکی گەشەوە

لە ئەبی زەری غیفارییەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پێمی فەرموو: «هیچ چاکەیەک بە کەم مەزانە؛ تەنانەت گەیشتنیشت بە براکەت بەڕوویەکی گەشەوە».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئامۆژگاری ئەنجامدانی خێر وچاکەی بۆ کردووین، ونابێت هیچ چاکەیەک بەکەم بزانرێت ئەگەرچیش کەم بێت، وەکو گەیشتنت بە برای مسوڵمان بەڕوویەکی خۆش وزەردەخەنەوە، بۆیە پێویستە مسوڵمان بەپەرۆش بێت لەسەر ئەم بابەتە، چونکە دەبێتە هۆی دڵدانەوەی برای مسوڵمان و ئاسوودەکردنی.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5348